خێرترینتان وباشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن وخەڵکی فێری قورئان دەکەن

لە عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترینتان وباشترینتان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن وخەڵکی فێری قورئان دەکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە باشترین مسوڵمان وبەرزترینیان لەپلەوپایەدا ئەوەیانە: کە قورئان فێر دەبێت ؛ لە خوێندنەوەی -تەرتیلی- وتەفسیری و لەبەرکردنی وتێگەیشتنی، وهەروەها ئەو زانستەی هەیەتی کردەوەی پێدەکات وفێری خەڵکی تری دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5913